چاوپێکەوتن لەگەڵ

# مەریوان هەڵەبجەیی

ئامادەکردنی

# گۆران هەڵەبجەیی

بەشی چوارهەم

ژمارەی ئەو بەرهەڵستکارانەی لەزیندانەکەی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی ئیسلامیدا مردوون بەدەیان هەزار لە ژن و پیاوو منداڵ مەزەندە کراوە, ئەمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ زیندانەکەی نوگرەسەلماندا هەیە کە تێیدا دەیان هەزار ئینسانی کورد لە ژن و پیاوو منداڵ ژێر لمی بیابان کران..؟؟




**گۆران هەڵەبجەیی : بە بۆچوونی تۆ لایەنێك, حزبێك, مەزهەبێك, لەلاوازیدا پەنا بۆ توندوتیژی دەبات یان لەبەهێزیدا!؟؟ یاخود ئەو بۆچوونە پەیوەندی بەسروشتی ئەو لایەنەوە هەیە کەئیرهاب دەکاتە ئامانجی؟؟**

**مەریوان هەڵەبجەیی:** سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم توندوتیژی تەنها لەسەر ئیسلام موڵك نییە, مێژووی سەدەکانی ناوەراست لەئەوروپادا کەمەسیحییەت چی لەکۆمەڵگا کرد لەبیر بەشەرییەت ناچێتەوە, ئێمە بیستومانە لەسەدەی

شانزەهەمی دوای زاییندا شەپۆلێکی توندڕەوی ئەوروپای مەسیحی گرتەوە کەلەوەو پێش وێنەی نەبووە، شارەکان کەوتنە کێبەرکێی پێکهێنانی چەندین دادگای پشکنین کە لەئیسپانیاوە سەریهەڵدابوو. با لەم کارەساتە ئایینیە ورد ببینەوە کەدکتۆر کامل النجار باسی دەکات, لەساڵی 1553دا ئیدانەی پزیشکێکی ئیسپانی کرا کەلەسویسرا کاری دەکردو بەهەرتەقە تاوانبار کرابوو، ئەم پزیشکە (میکائیل سرفیتیوس) دادگایی کرا کەبەزویندێتی بسوتێنرێت, لە27ی ئۆکتۆبەری 1553 سزاکەی بەسەردا سەپێنرا. فەرەنسا بەهەمان شێوە لەناو چنگی دادگاکانی پشکنیندا بوو، پیاوانی کەنیسەی فەرەنسا وا هەستیان کرد سویسرا بە سوتاندنی (سرفیتیوس) خەڵاتێکی گەورەی لەلایەن خواوە وەرگرتووە هاتن پەیکەرێکی (سرفیتیوس)یان دروست کردو پاشتر سوتاندیان تالەو پاداشتەی خوایە بێبەش نەبن کەدەیبەخشێ بەو کەسانەی بێباوەڕان دەسوتێنن. لەکاتی سوتاندنەکەدا پێشەواکەیان (میلانکتون) لەگوتارێکدا سوپاسگوزاری خوای کرد بەسزادانی ئەو پیاوە بێباوەڕەو وتی: سوتاندنی بەڵگەیە بۆ خۆپاراستنو تەوبەکردنی خەڵکی سویسرا. تەنها یەك کەس جورئەتی کرد بەرگری لێبکات ئەویش (جوریس البازی) بوو، بەڵام بەرگرییەکانی بەناوی خواستراوەوە بڵاودەکردەوە، کاتێکیش مردو دەرکەوت ئەوبووە ساڵی 1566 گۆڕەکەیان هەڵدایەوەو لاشەکەیان دەرهێناو سوتاندیان.

هەموو حزبو گروپو لایەنێکی سیاسیش لەدونیادا لەبێهێزیدا پەنای بۆ توندو تیژی بردووە, هەشبووە لەبەهێزیدا پەنای بۆ بردووە, هتلەر لەوپەڕی هێزدا پەنای بۆ تەندوتیژی برد, بەڵام لەتەواوی دونیاداو بەدرێژایی مێژوو هیچ لایەنێکی سیاسی وەك هێزە ئایینییەکان پەنایان بۆ توندو تیژیو ئیرهابی نەبردووە, تەنانەت لەکاتی ئەوپەڕی دەسەڵاتیشدا هەمیشە شمشێریان بەدەستەوە بووە..!! ئیسلامییەکان قارەمانی مێژوونو مەدالیای یەکەمینیان لەگەردنی خۆیان داوەو لەهەموو شێوازەکاندا لەم پرۆسەیەدا لەپێشەوەی پێشەوەن. نموونە زۆر زۆرن.. لەمێژووی ئیسلامییەکانداو لەکاتی دەسەڵاتدا

لەهەر شوێنێك ڕەخنە هەبووبێت پاش ماوەیەك ڕەخنەگرەكە دوچاری توندو تیژی بۆتەوە, ئەوان ئاوا بكوژی خەلیفە عەلی دەكوژنەوە: لە پێشدا هەردوو دەستی دەبڕنەوە, دواتر هەردوو قاچی دەبڕنەوە, دوایی زمانی دەبڕن, ئینجا چاوەكانی هەڵدەكۆڵن, لەكۆتاییشدا سەری دەبڕن. لەسەردەمی خەلیفە (المعتضد بالله) ڕەخنەگرێك بەناوی ( محمد ) دەهێنن‌و هەرچۆن ئاژەڵ كەوڵ دەكرێت ئەئاوا كەوڵی دەكەن تا دەمرێت. (ابن عطاش)ی ڕەخنەگر دەهێنن لە پێشدا پێستەكەی دەگورن تا دەمرێت دواتر پێستەكەی وەك تووتن دەبرژێنن. ئەمە چەند نوونەیەكی زۆر زۆر كورتن‌و با بەراوردی بكەین, ئەم دەسەڵاتانە هێزیان هەبووەو لەبێهێزیدا نەیانكردووە, خاپوركردنی پەیكەرەكەی بووزا لەئەفغانستان لەكاتی دەسەڵاتدا بوو, یانزەی سێپتێمبەر دەسەڵاتی ئیسلامیمان نیشان دەدات‌و مێژووشمان بیر دەخاتەوە, ئەو گۆڕە بەكۆمەڵانەی ئێستا هەن لەمێژووی ئیسلامییەكانیشدا هەبووەو ڕەفتارەكە لە پاشماوەی ئەوان‌و مێژوو ناتوانێ ڕووداوەكەی بەنی قورەیزە لەبیر خۆی بباتەوە, ژمارەی ئەو بەرهەڵستكارانەی لەزیندانەكەی حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی ئیسلامیدا مردوون بەدەیان هەزار لە ژن‌و پیاوو منداڵ مەزەندە كراوە, ئەمە چ جیاوازییەكی لەگەڵ زیندانەكەی نوگرەسەلماندا هەیە كە تێیدا دەیان هەزار ئینسانی كورد لە ژن‌و پیاوو منداڵ ژێر لمی بیابان كران..؟؟ ئەمانە جۆرە ئاكارێكن كە پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان بەكلتوورەوە هەیە, پەیوەندییان بەئەقڵێكی دەشتەكییەوە هەیە كەبەهۆی پەروەردەكردنی بەردەوامەوە هەمیشە لەبرەودایە, ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ڕاستی بكەمەوە ئەوەیە كە پەنابردن بۆ توندوتیژی‌و تیرۆر لەئیسلامدا پەیوەندی بەبوونی هێز یان بەنەبوونیەوە نییە, بەڵكو پەیوەندی بەعەقیدەوە هەیە, ئەمە جیهادەو ئەركی پێنجهەمە لەروكنەكانی ئیسلام‌و لەدوای نوێژو ڕۆژوو زەكات‌و حەجەوە هاتووە.. جاران ئیرهابكردن وەسیلە بووە كەچی ئێستا لەفكری ئیسلامگەراكاندا بووە بەئامانج, ڕەهەندێك لەروقعەی فكری ئەماندا هاتۆتە كایەوە كەمانەوەی تیژی ئیسلامی وابەستە بێت بەكاری تیرۆرستی‌و هەركات ئەم دیاردە ئیسلامییە كۆتایی

پێ هات واتە کۆتایی بەئیسلامگەراکان لەناوچەکەدا هاتووەو رووەو ناوچەیەکی دیکە مل دەنێن کەهێشتا شارستانییەتیان لەدواوەیەو لەهەموو بوارەکاندا کۆمەڵگایەکی تەواو دارماون.

ئیرهاب لەکۆمەڵگای کوردیدا چ وەسیلە بێت چ ئامانج پەیوەستە بەکلتوری دەشتەکییانەی ناسیۆنالیستی ئیسلامییەوە, ئەو کلتورە درێژەی پێدراوەو کتێبی (مێژووی توندوتیژی خوێناوی لەعێراقدا) سەربڕین دەگەڕێنێتەوە بۆ زەمەنێکی زۆر کۆن. ئەم حەقیقەتە کەسانێك لێیان رۆشن نییە کەشارەزای مێژووی ناسیۆنالیستەکان نین و هەمەجیانە بەرگری دەکەن و دەیکەنە وەسیلەیەکی هێجگار گەورە بۆ دارمان و پوکانەوەی هەر دەوڵەتێکی عەلمانی گەر لەناوچەکەدا سەر هەڵبدات. کارنەکردن لەسەر ئەم تێزە ئەگەر رەتکردنەوەی دیموکراتی نەبێت ئەوا کوێرکردنێتی, بەمانا بەربڵاوەکەی هەر لەسەرەتاوە پوکانەوەی دەوڵەتێکی عەلمانییە کەدەیەوێت سەرهەڵبدات.

وەك عەلی وەردی لەکتێبەکەیدا باسی دەکات کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر دووڕوویی (ئیزدیواجییەت) پەروەردە دەکرێت. ئەم قسەیەش زۆر راستە, گەر بڕوانینە دەروونی کەسایەتی کۆمەڵگا ئایینیەکان هەموو یەکێك لەبەرامبەر کارێکی چاکە داوای پاداشت دەکات و هەرکات زانی پاداشت ناکرێت روو لەبەرژەوەندییە باڵاکان وەردەچەرخێنێ و کار لەسەر بەرژەوەنییە تایبەتیەکانی خۆی دەکات, ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بەشێکە لەتیرۆرکردنی تواناکان. دۆگماکردنی فکرو قەتیس کردنی بیرکردنەوە تیرۆرکردنە. بۆچی ئێمە کەباسی تیرۆر دەکەین تەنهاو تەنها هێزە توندڕەوەکان وەبیر خۆمان دەهێنینەوە؟؟ ئایا یەکگرتووی ئیسلامی کەخۆی بەرێکخراوێکی میانڕەو نیشان دەدات ناچێتە ناو ئەم موعادەلەیەوە؟؟ تیرۆر تەنها بەچەك و شمشێر ناکرێت, هەبوونی یەکگرتووی ئیسلامی لەکۆمەڵگاکەماندا واتە تیرۆرکردنی سەرەتاییانەی فکری پێشکەوتوخوازانەی مەعریفەی کوردی و تیرۆرکردنی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی لەناوچەکەماندا, یەکگرتووی ئیسلامی دەربار بەهەنگاونان بۆ ئازادی وەك سێگۆشەکەی بەرمۆدا وایەو هەر کەس

بچێته ناوی بەدەقەکانیان ونی دەکەن، ئایا ون بوون تیرۆرکردنی خود نییە؟؟ ئەگەر..نا جگە لەئامادەکردنی تاك بۆ توندوتیژیو رەوانەکردنیان بۆ بەربەرەکانی دیموکراتیو رووبەرووبونەوەی ئازادییەکان یەك داهێنانی فکریو کرانەوەمان لەو گروپە نەبینیوە. ئەوەی یەکگرتوو دەیکات لەگەڵ ئەو هێرشە توندوتیژیانەی ئێستا ئیسلامییەکان پێی ناسراون هیچ جیاوازییەکیان نییە، هەر ئەوەندەیە یەکگرتوو بە نموونەی ئیخوانەکانی دیکە لەبری شمشێر سەرکوتکردنی بیرکردنەوە ئەنجام دەدەن، ژەهر بەسەر بیرکردنەوەدا دەرژێن.. بەمانایەکی دیکە لەجیاتی جەستە ئەقڵ دەکوژن، کەئەقڵیش کوژرا یانی بیرۆکەی گەشەسەندنی دیموکراتیو دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانیو ژیانی ئازاد هەر لەسەرەتاوە تیرۆر کراوە. لەئێستای واقعیەتی کوردستانو جیهاندا یەکگرتوو لەکوردستانو ئیخوانەکان لەجیهاندا خەتەرترین رێگرن لەبەردەم گەشەسەندنی دیموکراتیدا نەك رێکخراوی قاعیدە..!! ئێستا لەم کوردستانە دەربار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی پێشکەوتووخواز یەکگرتووی ئیسلامی لەرێکخراوی قاعیدە ترسناکترە.. هەر کەس ئەم حەقیقەتە نەزانێت گەمژەیە..!!

با نموونە بهێنمە گۆڕێ، لەکاتی شەڕە خوێناوییەکەی یەکێتی نیشتمانیو بزوتنەوەی ئیسلامی لەدەڤەری هەڵەبجە یەکێتی تەنها حسابی بۆ هێز کردو هێزی بەکارهێنا، پێی وابوو ئیسلامییەکان بەهێز لەناودەچن، کاتێك بەخۆی زانی لەدەرەوەی هێز تیرۆری فکری هەیەو لەو ماوە کورتەدا یەکگرتوو عەشاماتێکی ئەوەندە زۆری لەخۆ کۆکردەوە کەبۆ دەیان ساڵی دیکە کاریگەرییان لەسەر رەوتی گۆڕانکارییەکان هەبێت. یاخود ئەو حەملە گەورەیەی ئیسلامییەکان دژ بەئازادی کردیانو کتێبێکی منیان بۆ ئەو مەسەلەیە قۆستەوەو تێیدا رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن بەکارهێنراو رێپێوانیان کردو لەمزگەوتەکانەوە هاواریان بۆ کرد لەسەرەتادا کادرەکانی یەکگرتوو مەسەلەکەیان خرۆشاندو بەنزینەکەیان رشت..!!

ئیسلامیی هەمیشە توندوتیژی بەکار دەهێنێت, چ لەدەسەلاتدا بێتو چ لەبێهێزیدا, گرنگ ئەوەیە ماناکانی توندوتیژی تەنها لەتەقینەوەو تیرۆرکردندا نەبینین بەڵکو سەرکوتکردن, کوشتنی تواناکانی تاك, بەستنەوەی کۆمەڵگا بەکۆنەپەرستییەوە, پەنابردن بۆ چیرۆکە خورافییەکان, بێئیرادەیی, دۆگمای ئەقڵ بەخەتەرترین توندوتیژیو ئیرهابی بزانین. تیرۆرکردنی ئەقڵ بەوەسیلە هەنووکەییەکان مۆدێلێکی نوێی توندوتیژی ئیخوانەکانو هاوپشتیوانیانە, شەکەتکردنی جەستەش لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە, مێژووی ئیسلامیش تا لەدەسەڵاتدا بێت ئەهوەنترەو لەبێدەسەڵاتیدا گەورەترین جەللاد بووە, ئەمەش کلتورێکی دێرینی پێش ئیسلام بووە کەچی تائێستاش هەر ماوەو کاریگەری ئەو کلتورە درێژەی هەیە چونکە گوتاری ئەم ئایینە هەڵگری ماناکانی ئەم کلتوورەن, ئەوەندە بەسە لەئەوروپادا ئیسلامییەکان ببینرێن پێیان دەگوترێت ئوسامەو لەکوردستانیش بەشێخ زاناکان, ئەگەر..نا ئەوەتا دەبینین لەوڵاتەکەماندا بەشەر سەردەبڕنو یەك حزبی ئیسلامی بەشێوەیەکی عەلەنی ئیقلیمیو جیهانی ئیدانەی ناکەنو خۆیان لەم کلتورە نائینسانییە پاك ناکەنەوە..! کەواتە ئەم حزبانەش هەڵگری هەمان کلتورن, لەئایەتەکانی ( پێنجو بیستونۆی سورەتی تەوبە ) ئاماژە بەتۆقینو بۆسەو کوشتو بڕی بێپاساو کراوە. لەئایەتی (الانفال12 )دا باسی سەربڕین کراوەو ئاماژەش بەم ئایەتە غەزالی دەڵێت ئەهوەنترین کوشتن لەئیسلامدا سەربڕینە. دەقێکی پیرۆز هەڵگری ئەم ڕەوتە پڕ لەتوندو تیژییە بێت تۆ بڵێی ئێمە چاوەڕوانی چەپکە گوڵیان لێبکەین.!؟؟

گۆران هەڵە بجەیی : لەم ماوەیەی پێشوودا کتێبێکت بەناونیشانی ( سێکسو شەرعو ژن لەمێژووی ئیسلامدا ) بڵاوکردەوەو تێیدا وەك ڕەخنە زۆرێك لەبەسەرهاتەکانی مێژووی ئیسلامت باس کردووە, گەر ئایینی ئیسلام هێندە ئایینێکی موتەکامیلو

**مەزنەو وەرامی هەموو پرسیارەکانی لایە بۆ لەئاست ئەو کتێبەی تۆدا وەرامیان هەڕەشە بووە؟؟ ئایا ئیسلام وەك دین لەهەناویدا هەڵگری تۆوی توندوتیژییە یاخود بەرهەمی ئیماندارەکانە.؟؟**

**مەریوان هەڵەبجەیی** : پرسیارەکەت دەکەم بەدوو بەشەوە: بەشێکیان کتێبو هەرەشە, ئەوی دیکە تۆوی توندوتیژی.. سەبارەت بەوەی دووهەم: لەلای ئیسلامییەکان ئیسلام شارستانییەتێکی گەورەیە, ئەم ئایینە موتەکاملو مەزنو گەورەیەو وەڵامی هەموو پرسیارێکی پێیە, بەڵام ئەمە بۆچوونە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەعەقیدەوە هەیەو لەبیری ئیمانداردا ڕەگی داکوتاوەو پەیوەندی بەلۆژیکەوە نییە, وێنە خەیاڵییە تەقلیدییەکانی ئایین کەلەزهنی مرۆڤی زەمەنی کۆندا هەبوو یەکسان نییە بەو وێنانەی کەئێستا بەپەنجەو فلچەو تەکنەلۆژیا دەکێشرێن. بەمانایەکی دی وەك لۆژیکی ئیپیستیمۆلۆجی دەڵێ‌و وەك ئایدیالیزمی میتافیزیکی پێی وایە (هەموو حەقیقەتەکان نەمر نین‌و هەرەس دەهێنن). کەواتە ئەو شتانەی بەر لە1427 ساڵ حەقیقەت بوو ئێستا هەرەسی هێناوە, لەبەردەم حەقیقەتی گۆرانکاریشدا زۆرێك لەگروپە توندڕەوەکان گەڕاونەتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستو دەیانەوێت بەهەمان ئەزموونی توندڕەوی مەسیحییەت تێدەپەڕن, تابۆیان بکرێت بەخورافە ئەگەر..نا بەتوندوتیژی.. لەم ساڵانەی دواییەدا دەبینین هەوڵێکی بێوچان هەیە بۆ دۆزینەوەی فکرو داهێنانە زانستییەکانی ئەمڕۆ لەناو تێکستی ئایینی ئیسلامدا, ئەم مۆدێلە ساڵانێکە لەکوردستاندا باوە, بۆ ئەمەش لێرەو لەوێ هەندێك وردە بابەت کۆدەکەنەوەو لەگەڵ تێکستە مێژووییەکانیان‌و دەقی قورئاندا دەیگونجێنن گوایە لەدەرگای مەعریفەیان داوە, هەندێك شت دەنوسن کەپڕە لەپێچاوپێچو لەکۆتاییدا سەرتدەسوڕمێ لەوەی نوسینەکان شایستەی خوێندنەوەش نین‌و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ئەو مەلایەی کەهیچ لەمەعریفە نازانێ‌و کاروباری ئایینی خۆشی دەبات بەڕێوەو

وەڵامی پرسیاریش دەداتەوە. پێیان وایە لەناو تێکستی یەکەمی ئیسلامدا باس لەهەموو شت کراوە وەك لەئایەتی ( 59الانعام ) ئاماژەی بۆ کراوە لێرەدا ئەگەرچی ناهەقییەك بەهەموو ئەو دەستکەوتە زانستیانەی بەر لەئیسلامو دوای ئیسلامیش دەکرێ‌و هەموو داهێنانەکان بۆ خۆی دەدزێ, لە مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئێستا هیچ داهێنانێکی زانستی یان مەعریفی یان بیرۆکەیەکی فەلسەفی لەدەستو مەچەکی شمشێر بەدەستەکانی ئیسلاممان نەبینییوە, نەك فڕۆکە, کارگەیەکی دەرزی درومانیشیان دروست نەکردووە.. هەندێك دێڕی جوان لەدەقدا دەبینین بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەئەم پەرەگرافە جوانانە لەحوکمی ئیسلامدا سڕاونەتەوەو نەگەیشتونەتە ئێمەو ناشگەنە ئێمە,

گۆران هەڵە بجەیی : ئایا ئەتوانیت روونتر ئەم چەمکەمان بۆ روون بکەیتەوە کە تۆ باسی لێدەکەیت (مەبەستم ئەو دەقە جوانانەیە کەنەگەیشتونەتە ئێمەو ناگەنە ئێمە )؟

مەریوان هەڵە بجەیی : لەدەقەکانی قورئاندا چەندین حوکم هەن قسە لەسەر هێمنی‌و ئارامی‌و خۆشەویستی‌و برایەتی‌و پێکەوە ژیان‌و..تاد دەکەن, بەڵام ئەمە تائەو ماوەیە برِی کرد کەموسڵمانان لەناو مەکەدا بوون‌و هێشتا هێزو دەسەڵاتیان نەبوو, هەر لەگەڵ لەناو شاری مەدینەدا لەبوارەکانی ئابووری‌و ساسی‌و سەربازیدا پێکهاتەیەکی تۆکمەیان بۆ خۆیان دروست کرد بەشی زۆری حوکمەکانی پێشووتر لەکارخران‌و لەجێیان زمان‌و حوکمی توندوتیژی هاتە ئاراوەو ئەو شمشێرەی بەرزیان کردەوە زۆرێك لەکۆمەڵگاکانیان کردووە بەگۆمی خوێن‌و تا ئێستاش دایاننەناوە. کەواتە دەقە جوانەکان بۆ ماوەیەکی کاتی بوون‌و قەتیس ماونەتەوەو حوکمیان لێوەرناگیرێ‌و هەرگیز ناگەنە ئێمە.. دروشم شتێکەو رەفتار شتێکەو ئەنجامیش دیارە, جگە لەکۆمەڵکوژی‌و گۆڕی بەکۆمەڵ هیچمان نەچنیوەتەوە, جگە لەرەفتاری توندوتیژی, جگە لەکوشتنی ژنان, جگە لەسەربرِین‌و تەقینەوە, لەفرِاندن‌و داوای فدیە بۆ ئازادکردنی, جگە لەتیرۆرکردن هیچ پەرەگرافێکی ئەم شارستانییەتەمان پێنەگەیشتووە.. من زۆر دڵنیام لەوەی چ

خەلیفەکانی راشدین و چ موسڵمانەکانی ئەو کاتە زۆر زۆر لەم ئیماندارانەی ئێستا بەباوەڕتر بوون, کەچی دەبینین هەر بەدەستی ئیماندارەکان خۆیان خەلیفەی یەکەمیان دەرما نخوارد کرد, خەلیفەی دووهەمیان تیرۆر کرد, خەلیفەی سێهەمیان بەئاشکرا گەمارۆی ماڵەکەیان داو کوشتیان, خەلیفەی چوارهەمیشیان تیرۆر کرد, لەدوای ئەوانیشەوە مێژووی خەلافەتی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی پڕ پڕە لەکوشتن و پیلان و کودەتای ناو خودی موسڵمانەکان, لێرەدا خودی ئیماندارەکان تۆوی توندوتیژییان تێدا روواوە, ئایینەکەشیان رەگەکەی بەناخی زەویدا توند چەقاندووە. رەفتاری توندوتیژی بەرهەمی پێش سەرهەڵدانی ئیسلامە بەڵام ئیسلام پەرەی پێداوەو بەئیعترافی خودی ئیسلامییەکان یەکەم شەڕ لەمێژوویاندا کردبێتیان خۆیان هێرشیان بردووەو هیچ شەرمێکیش لەوە ناکەن کەدەڵێن کاروانێکمان لەو شەڕەدا بەتاڵان بردو لەناو خۆماندا دابەشمان کرد, شەرم نایانگرێ بەناوی غەزاوە باسی داگیرکردنی چەندین ناوچە دەکەن, دەرئە نجام مەرجە نەك مەبەست..!! ئەوەی صەددام کردی لەئەنفالەکانداو ئەوەی هیتلەر کردی لەگەڵ جولەکەکاندا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو گۆمەخوێناویەی ئیسلامییەکان لەشارەزوور ڕشتیان و چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی کەژمارەی ئەوانەی لەزیندانەکانی ئەم ناوبراوەدا مردوون بەدەیان هەزار لە پیاوو ژن و منداڵ مەزەندە کراوە..؟؟ ئە نجام کوشتن و دەربەدەرکردنی ئینسانەکان بووە..!!

ئیسلامییەکان قسەیەکیان هەیەو وەك بڵێی هەنگوینیان لەداردا دۆزیبێتەوە هەمیشە دەیڵێنەوەو دەڵێن ئیسلام هەزارو ئەوەندە ساڵە هەیەو کەس نەیتوانیوە بچوکترین رەخنەی تێدا بدۆزێتەوە, ئەم گوتەیە زۆرێك لەمێشکی کاڵفامەکانی پوچ و دۆگما کردووە, لەکاتێکدا گەر بەناو بەرهەمەکاندا بگەڕێین نەك دەیان و سەدان بەڵکو هەزاران رەخنە هەیە, وەك چۆن تێکستە جوانەکانی ئایین نەگەیشتونەتە کۆمەڵگا هەروەها ئەم رەخنانەش نەگەیشتونەتە کۆمەڵگاو ناشگەن, لەگەڵ نوسینی کتێبێك یان نامیلکەیەك کوشتنێك یان تیرۆرێك

ڕوودەدات, لەگەڵ هەڵایسانی دەنگی نارەزایەتی ڕێکخراوێك بەناوی ڕۆژی لەدایكبوونی پێشەواو مەولونامەو ڕەمەزانو جەژنی قوربانەوە سەحوەیەك دروست دەكەن كەچەند مانگێك چالاكی ڕێکخراوەكان لەكار بخات, ئێستا لە كوردستاندا لەگەڵ هاواری ژنێك دە شمشێر دروست دەكرێت, لەبری كڕینی تەنورەیەكی ژنانە سەدان حیجاب بێبەرامبەر دابەش دەكرێتو تێزاب دەڕژێنن, خۆ ئەگەر گروپ دروست بوو تی ئێن تی دەتەقێتەوە, بەپێی ئەو بەڵگانەی لەلامە موجاهیدەكانی ئەنصاری سوننە پێشمەرگەیەك بەپەرەمێز دەسوتێنن, لەمێژووشدا مرۆڤیان لەمێخ داوە, كەوڵیان كردووە, كۆمەڵكوژیان كردووە, بەسەدان كەسیان پێكەوە سەربڕیوە, هەموو ئەمانەش لەبەرامبەر ڕەخنە بووە, كەسێك قسەی كردووەو زمانیان بڕیوە, شیعرێك نوسراوەو هەر چوار پەلی شاعیرەكەیان لەبن هەڵكێشاوە, فەتوا لەسەر فەتوا بۆ ڕەخنەگر ریز دەكەنو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەخنەكان نەگەنە شوێنی خۆی, ئیسلامییەكان لەیەك ناوچەدا دەیان مزگەوتو لەیەك شاردا سەدان مزگەتیان هەیە كەچی لەئاست یەك كتێبی مندا چاوئەبڵەق بوون, بەو هەموو بەناو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو رادیۆو زانایانەوە پەنایان بردە شمشێر, ئەم كتێبەی من نموونەیەكی هەرە بچوكی ڕەخنەكانی سەردەمە بەرامبەر بەئیسلام, لۆژیكی سەردەم هەرگیز لەگەڵ بیرو ڕەفتاری هەزارو سەدان ساڵ ناگونجێو بەردەوام ڕەخنەی نوێ دروست دەبێت, كۆنە پارێزەكانیش بەهەمان وەسیلەی مێژووی پڕ لەهەقیقەتی خۆیان ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە كە شمشێر وەشاندنە, ئەدی كامەیە ئەو ئایینەی كەدەڵێن موتەكاملە؟؟ گەر وایە بۆ وەڵامی كتێبەكەی منیان نەدایەوە؟؟

گەر ئاگادار بیت لەلایەن دەزگای تیشكەوە بەنامیلكەیەك وەڵامێكیان بڵاوكردۆتەوە, تۆ چی دەڵێیت؟؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشی پێنجەمدا بڵاودەكرێتەوە